شیعر

حسێن ئەحمەد

# تۆ بچکۆلەیت...!

جەخار دژوارە خۆشویستنی تۆ
بەو جۆرەی من خۆشم دەوێیت
**"لۆرکا"**



**تۆ بچکۆلەیت**
**من سەری خۆم لە تاریکی ئومێد و**
**تاریکی تەقوا و تاریکی خەیاڵەکانتا دادەگرم**
**دەستی خۆم لە سێبەرەکانت و بارانەکانت و تۆفانەکانت دەردێنم**
**چاوم دەکەمە پشکۆی سووتاو کە لە باخەکانتدا هەڵدەبێت**
**دڵم دەکەم بە شەراب و دەیکەم بە ناڵینەکانتا**
**کە تۆ پیاسە دەکەیت،**
**پیاسەکانی من لەگەڵ بزوان و**
**جوڵان و هێمای بوومەلەرزەکاندا یەکە**
**کە تۆ دەجوڵێیت،**

جولانی من لەگەڵ سووری زەوی و

پێچکردنەوەی سێبەر و هوتافی گیاکاندا هاوڕێیە

شەوی من چەند لە تۆ دەچێت

کە تاریکی خۆم و تاریکی خودا و تاریکی ئاسمان دەکەمە یەک

وەک یەکانەیەک لە یەک بازنەی داخراو و تەنها و غەمگیندا بووبێتە یەک

من تۆ لەگەڵ رۆح و ئێوارە و سەدەف و گیاکاندا هەڵدەکەم و

ئەتکەمە یەک

شەیپوورەکەم نەفخی دواهەمین ساتەکانی منە

لە دواهەمین سێبەرەکانتدا لێ دەدات

هاواری من دەنگی دواهەمین دڵۆپەیە لە دواهەمین نائومێدیتەوە دەڕژێت

وەک بەفرێک مردنی خۆی لەسەر مەرجانەکانی تۆ بینیبێت

تەنهاییی خۆم لەسەر دەستەکانت بینی

قیامەتم بینی کاتێک بە دەنگەوە لە بەینی پەنجەکانتەوە دەبوو بە فوارە

تۆ بچکۆلەیت

من مەزنی خۆمم لە رووخانی تۆدا،

پیاوەتی خۆمم لە بازاڕی تۆدا،

تەنهاییی خۆمم لە فیتنەکانتا کوشت

من بووم، دەستم بە ئاگر دەسووتان، تا کڵپەی دەستەکانت دەکوژێنەوە

خوێنمم دەدایە بەر تۆفان، تاخوێنی تۆ لە خوێنی هەسارەیەک جودا بێت

وەک سووڕانەوەی ئەستێرەیەک و

گوولەیەک و حاجییەک بە دەوری کەعبەدا

خۆمم لە دەور گێڕایت

هوتافم بۆ کێشای، لە هوتافی جەهەنمییەک گەورەتر بێت

گۆرانیم بۆ گوتی لە ئاوازی باڵندەکان جوانتر بێت

نەمتوانی رووناکیت بپێوم، تا هەناسەم بدات لە مەساحەکانی دڵت

ئێوارەکانت بپێوم تا هۆشیارم سەرکەوێت بۆ هەتاو و مانگت

له باخچەکانتدا تەپوتۆزی گوڵەکانت لە رووخانی خۆیاندا هەستێنم
عاسیکەم دەرگاکانی ئومێد عاسیکەم دەروازەکانی دڵ
عاسیکەم شکۆفەی باخ و شەرمی هەتایی گوڵ
ببینە تۆ چەنێک بچکۆلەیت
بچکۆلەیت کاتێک سپێدەکان گەورە نین
کاتێک بەیانی دێت و خۆر لە ستونەکانی خۆیدا ئەمرێت و گەورە نییە
کاتێک جەهەنم دێت و ئاگر لە زۆنەکانی خۆیدا خامۆش دەبێ و گەورە نییە
تۆ گەورە نیت، چونکە سەدەفی ژێر دەریاکان گچکەن، ئاورنگی سەر باخچەکان گەورەنین
گەر تۆ بچکۆلە نەبوویتایە، هەتاو تیشکەکانی خۆی لە بەردەم ئێوارەکاندا نەدەکوشت
مانگ تریفەکانی خۆی لەسەر سوبح و بەیانی و سپێدەکانت نەدەشێوان
تۆ بچکۆلەیت و من گەورەیی خۆم تابەرێت نزم دەکەمەوە
سەری خۆم دەکەمە تەپوتۆز و غوبار و تەمەکانی بەردەمت
وەک منداڵێک وازی بە هەناسەی با و نەسیم و شەونمەکان بکات
من یاری بە تەنهاییەکانت دەکەم
دەست ئەیەم لە درەوشانەوەت، کاتێک سپێدە لە تاریکیدا دەناڵێنێت
دەست ئەدەم لە میهرت، کاتێک ئومێدم وەک ئەستێرە بە شەوەکانتدا تێ دەپەڕێت
تۆ بچکۆلەیت، مناڵێکی لە جەخاری مندا ژێر نەبووە
ساوایەکیت لە مندا بۆ مانگ و دەریاکان ناگەڕێت
من مانگم کوشت بۆ ئەوەی تۆ بکەم بە تیشک
بۆ ئەوەی بت کەم بە تریفە و شەوەکانی خۆمت پێ رووناک بکەمەوە
هەتاوم کوشت تا شەمشەمەکانت بەسەر خەیاڵەکانمدا باز بییەن
وەلێ پشکۆیەکت بۆ من نەبوو، ئاگرێکت لە رۆحمدا هەڵ نەکرد،
دوا تیرت لە سینەم دەرنەچوو..